Dengekan

# هاك كرنی دەنگەكان كاریگەری ئەو سایتەیە لەسەردووژمنانی كوردكوردستان

كاوەی خەسرەوكاوانی



هاك كرنی سایتی دەنگەكان و چەندان سایتی كوردی لەلایەن توركیا دوولایەنی لە خۆ گرتووە یەكەمینیان دوژمنایەتی رژێمی فاشیستی توركیایە بەرامبەربە كوردو هەموو شتەكانی كە پەیووەندیان بە ووشەی( كورد) هەیە, ئەمەش لەلای دۆستان و دووژمن روون و ئاشكرابووە كە هۆیەكەی چی یە و چی لەپشتە وبۆ وادەكەن , لایەنی دووەم ئەوەیە كە بە هاك كردنی سایتەكانی كوردی بە تایبەتی سایتی خۆشەویستی دەنگەكان ئەوە دەگەیێنێت كە ئەم سایتانە لە خزمەتی بەرەوپێش بردنی دۆزی كوردن و چاوی دووژمنانیش بەمە هەڵنایێت كە رۆژێك لە رۆژان تەنیا خاوەنی توزقالێك مافی رەوایان بن و لەوبڕوایە دام كە ئەمە دوا هەوڵیشیان و دوا دووژمنكاری و ئیشی چەپەڵیان نابێت ,دیارە كاریگەری بوونی ئەم سایتانە لەسەردڵ و مێشكە دیكتاتۆریەكانیان زۆرەوخودی پیتە كوردی یە جوانەكان و وشە پاڕوەكان بۆتە ژەهرو تێكەڵی خوێنیان بووە و ئەم ژەهرەش لەوبڕوایە دام كە تووشی نەخۆشی شێتی و هاری و چەندان نەخۆشی تۆی كردوونە و لێرە دا بە پێویست دەزانم كە سوپاسێكی گەرمی هەموو ئەو برایە بەرێزانە بكەم كە سایتی خۆشەویستی دەنگەكان بەرێوە دەبەن و سوپاس بۆئەو هەوڵە خێرایەی كە دایان و بەزووترین كات هاكەكەی توركیان هاك كردەوە و ئێمەش بەهەموو توانایێك لە پشت ئەم سایتە لەدڵ ئازیزە دەكەین و هەرسەركەوتووبن بۆ خزمەتی كوردوكوردستان و دووژمنایش جگە لەسەرشۆڕی هیچی تریان بۆنامێنێتەوە.

هەولێر

2007/7/5